# هەڵدانی دواهەمین پێك لەگەڵ زەمەن

**ئاوێزان نوری**

ئەی زەمەن
ئەمە دواهەمین هەناسەکانی منو..
دواهەمین چرکە بەفیڕۆ چووەکانی تۆیە
دەبنە وشەی ڕژاوو..
کاغەزێك بە مەستی فرمان دەکات
ئەمە دواهەمین وڕینەکانی منو..
دواهەمین بێدەنگیەکانی تۆیە
قەڵەمێك دەیخوێنێتەوە
ئەمە دواهەمین پێکەنینە درۆزنەکانی منە بەدەم تۆوەو..
دواهەمین فرمێسکە تیمساحیەکانی تۆیە
بۆ من هەڵیان دەڕێژی
ئەمە دواهەمین گەڕانەکانی منو..
دواهەمین چاوشارکێیەکانی تۆیە
کەلاوەیەك دەیگرێتە خۆ
ئەمە دواهەمین دەزووی تەمەنمو..
دواهەمین هەڵواسینی تۆ
بە دیواری کاڵبوونەوەدا هەڵدەزنیٚ
ئەمە دواهەمین منو.. ئەوەش دواهەمین تۆ
وەك دواهەمین هەناری دونیا*

www.dengekan.com
8/1/2006

که سەریاس‌و هاوڕێکانی نەیگەیشتنێ

وەك دواهەمین وەسیەتەکانی باوکم

که فریا نەکەوتن لەزاری بێنه دەرێ

وەك دواهەمین جەنگەکان

که کۆتایی پێنایات‌و هێشتاکه سەرەتایەتی

وەك سەرەتای  دواهەمین  کۆتاییەکان

پێدەچێ ژیان لێرەوە دەست پێبکات

که من کۆتایی پێ دێنم‌و..

به مەرەکەبی سپی هەموو ئیمزاکانم

لەسەر پسولەی ژیان دەسڕمەوە